# فیكرام سیس و شێوازی ژیان بردنە سەر لەگەڵ خەڵكدا

و: ڕەهێڵ فەرحان

ڕۆمــانـنووسی هیندی فــیـكرام ســیس خــاوەن مــاڵێكی ســەربەخــۆیە، بەڵام پێــیــخــۆشــە لە مــاڵی باوكی بژی، ئەو مــاڵەی لە قــاتی خــوارەوەن كـەم دەرگــای هەیەو یەكێ لە ژوورەكانی بۆ كتێبخانەی باوكی دانراوە، كـە بریـتـیــیـە لە كـۆمــەڵە كاغەزێكی پێچڕاو، كوڕاسەی جۆراوجۆر، ژوورەكــانی دیكەشی بۆ نووســینگە بۆ دایكی تەرخـان كـراوەو ژووری نووسـتـنی باوك و دایكی پەنجــەرەكــانی دەڕواننە باخچەیەكی بچووكی جوان، لە ناو ژوورە گەورەكەی ئەم خێزانەشدا چوارپاریەكی چوار گۆشەیی فروان دانراوە، كە بۆتە جێ دانیـشـتـنی خـێـزانەكـەو شـوێنی وتووێژە. هەرچی مـاڵی برای سـیس و ژنەكـەیەتی ئەوا لە قــاتی ســەرەوە دایەو ڕۆژانەش بۆ نانخـواردن پێكەوە كـۆدەبنەوە، لەمـەشـدا جیـاوازی نییـە ئەم ژەمـە خواردنە لە قـاتی سـەرەوە بخـورێ یا لە خـوارەوە. سـیس لە بارەی خـاڵێكی سەرەكی و گرنگ پرسـیـار دەكـات و دەڵێ: (چ سـوودێـك لەوەدایە لە ماڵەكەی خۆتدا بەگۆشەگیری بژی؟).

هەروەها دەڵێ: (لە مـــیـــانەی ئەم شێـوازەدا - شێوازی ژیان بردنە سەر لەگەڵ خەڵكدا دەتوانین ئاگاداری ژیانی یەكتر بین و یەكـتـر بەسـەر بكەینەوە)، بۆیە زۆربەی

رۆمانەکانی نموونەی ئەم جۆرە شێوازەن و لەرێی رۆمانەکانییەوە کاروباری ناوخۆی خێزانی بەسەر دەکاتەوە. لە رۆمانی (گەنجی شیاو) (١، ١٩٩٣ باس لە رۆژانەی چوار خێزان دەکات کە ماوەی نیو سەدە لە هیند ژیاون. (دەروازەی زێرین) ١٩٨٦ کە چەند دێرە شیعرێکی لەخۆگرتووە و چیرۆکی (٥) هاورێ دەگێرێتەوە، کە بەردەوام خەریکی گەرانن لەشەقامەکانی کالیفۆرنیا. دوا رۆمانیشی (ماڵێ بۆ دووکەس) ٢٠٠٥ کە لەلایەن هاربەر کولتس لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵ بلاوکراوەتەوەو باس لە ژن و مێردێکی پێکەوە نەگونجاو دەکات، (مامی سیس و هاوسەرەکەی هاینی کە ئەڵمانییەکی بەرەچەڵەک جوولەکەیە). سیس لەم رۆمانەدا گوزەرانی ئەم دووانە پاش جەنگی دووەم و پێش ئەم جەنگە باس دەکات. ئەم رۆمانە بریتییە لە ژیاننامەی شانتی و هاینی، ئەوکاتەی سیس لایان دەژیاو لەرێی بەشەکانییەوە دەبینین سیس لەگەڵ خۆیدا راستگۆیە، بۆیە بۆ خەلاتی کتێبی نیشتمانی کە تایبەتە بە ژیاننامە دەپاڵێورێ.

گۆشە نیگای زۆر لە بارەی رۆمانی (ماڵێ بۆ دووکەس) هەن کە رۆشناییان خستۆتە سەر رۆژانەی ژیانی خزمەکانی و دیارکردنی هەندێ مەترسی. ئەم خێزانە تووشی زەرەرو زیانی زۆربەی سامانەکەی دێ و گێرانەوەی رووداوەکانیشی لەرێی گێرەوەی چیرۆکەکە ئەنجامدەدرێ. سیس لەرێی نامەو چاوپێکەوتنەکانەوە بەوردەکاری تایبەتی شانتی و هاینی و دواجار بەوەسیەتەکە کە زۆر کاریگەرو ئازاربەخشە دەگات. لە دووتۆوی نامەکاندا تەنازولی شانتی دەبینرێ کە دەست بەرداری هەر هەموو ئەو شتانە دەبێ بۆ هاینی کە هەیەتی شانتی رۆشنایی دەخاتە سەر نامەکان، بەلام نووسەر رۆشنایی دەخاتە سەر ئەو شتەی دەیدۆزێتەوە و بۆ بەرژەوەندی چیرۆک و خێزانەکە سوودی لێ دەبینێ. نووسەر بەباری یەکەمین سەرنج لەرێی ژیانی مامی و هاینی دەگات، ئەوکاتەی لە لەندەن لەگەڵیان دەژیاو خۆی لە هەرەتی لاویدابوو، بۆیە وەک چۆن ژیانی لەوێ بەسەر بردووە ئەوها رووداوەکانی تۆماردەکات. ئینجا بەرەو حاڵەتی نەگونجان دەچن، هەروەها سیس بارودۆخی کۆمەلایەتی تایبەت بەخێزان لەسەرانسەری هیند بەسەر دەکاتەوە. شتێکی نادیاریش لە رووداوی چیرۆکەکەدا هەیە کە ئەویش پەردەپۆش کردنی کوژرانی دایکی (هاینی)یە لە هۆلۆکۆست.

هاینی ئەم بەشە دەشارێتەوە کە شاردنەوەی کوژرانی دایکیەتی، شاردنەوە ئەم بەشە بە واتای شاردنەوەی رابردووی خۆی دێ. سیس زانیاری زۆر کە تایبەتە بەهاینی لەرێی شیکردنەوەی نامەکان وەدەست دێنێ، ئەو نامانەی پاش مردن جێی هێشتوون، هەروەها وەدەست هێنانی زۆر شتی گرنگ سەبارەت بە مامی (شانتی) بەهۆی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە ساڵی (١٩٩٤)، پاش مردنی هاینی لەگەڵی سازی داوە. مردنی شانتیش سەرسورمانێکی نوێی بۆ زیاد دەکات، ئەویش کردنەوەی گرێی پەیوەندییە تایبەتەکانی

خێزانەکەیە، کە برازی شانتی (نووسەر) ناتوانێ بەسەر ئەم سەرسوڕمانە زاڵ بێ. لەمبارەیەوە دەڵێ: (ئەوکاتەی مامم شانتی و ماموژنم هاینی لە ژیاندا بوون نەمتوانی لەسەریان بنووسم). ئینجا نووسەر خەیاڵی دەگەڕێتەوە سەر بنەماڵەی سیس لە (نیویدا) لە یەکێ لە گەڕەکە خواپێداوەکانی نیودەلهی، قاتی خوارەوەی ماڵەکە ژوورێکی خواردنی تێدایە و ئەم ژوورە سێبەری (لەیلا سیس)مان بیردێنێتەوە، هەروەها کتێبە یاسایەکانیشمان بیردێننەوە. (لەیلا سیس) یەکەمین ئافرەت بوو کە لە هیند وەک قازی دامەزرێ. لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک رەسمی رەش و سپی بەسەر چوار پایەکەی باوکی سیس هەڵواسراون و رەفکەی کتێبەکانی بریتین لە چینێکی تەنکی شووشە و لە ماڵێکی ئەوهادا، کە تائێستا ژووری دانیشتن پێی دەگوترێ (ژووری میوانان) نووسەر رۆمانی (ماڵێ بۆ دوو کەس) بەو نانە دەچوێنێ کە نلسۆن ماندیلاو ژیاننامە دوورودرێژەکەی بۆ گەیشتن بە ئازادی)و (ف. س. تلیموس)ی خاوەنی رۆمانی (تۆوی سیحری) بەش دەکەن. ئەم رۆمانە بەیەکێک لە رۆمانە پر سۆز هەستییەکانی سیس دەژمێردرێ و یەکەمین رۆمانییەتی کە بیرۆکەی بەسالاچوون (بیری)و ئەو ئازارەی لە ژیاندا دەیچێژن دەخاتەڕوو. نووسەر قۆناغی گەنجێتی مامی شانتی دەگێڕێتەوە، کاتێ دەچێتە کۆلێژی پزیشکی ددان ساڵی ١٩٣٠ لە ئەڵمانیا. بەم جۆرە پەیوەندی لەگەڵ سەربازە بەریتانییەکان کە لەماوەی شەڕی جیهانی دووەم لە هیندبوون دەبڕێ، ئەوکاتیش هاینی لە بەرلین دەژیاو (سیس) لای خێزانی (هاینی) کرێچی بوو، لە ماوەی شەڕدا هاینی توانی بۆ لەندەن هەڵبێ، لێرەدا ئەو یارمەتی دانەی شانتی دەردەکەوێ کاتێ رێکەوت وا دەکات ئەم دووانە لە لەندەن پێک بگەن، ژیانیشیان لەم ماوەیەدا تەمومژاوی دەردەکەوێ و دیار نییە چۆن یەکتریان ناسیووە، تا ئەوکاتەی هەستیان بە خۆشەویستی یەکتر کردەوە کە جۆرێک لە پەیوەندی گەرموگوڕ لە نێوانیان پەیدابوو، پەیوەندییان پێکەوە پتەوتر بوو و هەریەکێ لەمانە لەم خۆشەویستییە هێزو مەنزڵگای ئارامی دەسکەوت. (سیس) دەڵێ: (ئەگەر بەجدی بڕوانینە ئەم پەیوەندییە کۆمەلایەتییەی پێکەوە گرێی داون، ئەوا هەتا لێکۆڵەری پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانیش ناتوانێ وێنەیەکی گشتگیری بۆ بخولقێنێ، (شانتیش) یەکەمین کەسەکە دان بەوەدا دەنێ). سەیر دەکەین رووداوەکانی ئەم رۆمانە لەگەڵ قۆناغی تایبەت بەرەهەندی مێژوویی تارادەیەکی زۆر وەک رەگەزی هێزی رووداوەکان کە شانتی و (هاینی) تیایاندا ژیاون یەکتر دەبڕن. هەروەها نووسەر ویستوبەتی رۆمانێک بنووسێ کە تەنیا ژیانی ئەم دووانە نەگێڕێتەوە، بەڵکو ویستویەتی لەڕێی رووداوەکانەوە کەشفی راستی بکات. سیس دەڵێ: (هەست دەکەم هیچ کەسێ ناتوانێ بێ پاڵپشتی سۆز بەراستییەکان بگات). بەشێوەیەکی روونتر باسکردنی هەستەکانی خۆشەویستی و ئازایەتی و حاڵەتە دەروونییەکان بریتییە لە چەند

بڕیارێکی ئەخلاقی کە لە ئەنجامی فشارە کۆمەڵایەتییە زۆرەکانەوە دێن). بیروباوەڕی هیندی بە بارودۆخی سیاسی و ئابووری کاریگەربووە کە وڵات تووشی هاتووە. هیند ساڵی ١٩٤٧ تووشی شەڕی جۆراوجۆر بووە کە سێ لەم شەڕانە لەگەڵ پاکستان و یەکێکیان لەگەڵ (چین) بوو. هەروەها ململانێ جۆراوجۆرەکان، شەڕو شۆڕی زۆری لە نێوانیاندا لێکەوتۆتەوە و شەڕی جیهانی دووەمیش گرنگی سیاسی بۆ هیند هەیە ئەوکاتەی سەربازە هیندییەکان لە ریزی سوپای بەریتانیا لەشەڕ بوون. سەرکردەیەک هەبوو بەناوی (هوبهاز شاندرا) بۆ دەرکردنی ئینگلیزەکان کە داوای یارمەتی لە هیتلەر کردووە. سەرهەڵدانی بیروباوەڕی سەربەخۆیی هیندی بەهۆی ساڵەکانی شەڕەوە لە کۆتایی ساڵانی (١٩٣٩) سەری هەڵداوەو داوای رزگاری دەکرد، لەکاتێکدا غاندی کەوتە خۆ بۆ کارکردنی بزووتنەوەی نیشتمانی هیندی ساڵی ١٩٤٢، کە (دواجار بوو بە هۆی وەدەست هێنانی سەروەری).

ئەم رۆمانەی سیس بەڵگەنامەی ئیدیعای قەرەبووکردنەوەی تێدایە کە هیند داوا دەکات بەریتانیا قەرەبووی ئەو زەرەرو زیانەی لە شەڕی جیهانی دووەم لێکەوتووە بداتەوە.

سیس ئەمڕۆ ژیان لەنێوان بەریتانیا و هیند بەسەر دەبات و ماڵێکی لە هیند و یەکێکی دی لە ئینگلتەرا هەیە.

سیس دان بەچاکی دایک و باوکی بەسەریەوە دەنێ کە رێیان داوە لەگەڵیان بژین، ئەو وا وەسفی ئەم حاڵەتە دەکات و خۆی بە (ئیسفەنجە) دەشوبهێنێ کە وەک مشەخۆری بووە بەسەر باوک و دایکیەوە، قازانجی رۆمانی (گەنجی شیاو)یش وەک چاکەدانەوەیەک بۆ چاکی باوک و دایکی دێ.

باوکی سیس ویسگی و دایکی کتێبی زۆریان لە قازانجەکە پێ دەبەخشێ. سیس ویستویەتی جێ پەنجەی دیار بەهۆی ئەم دوا رۆمانەی (ماڵێ بۆ دورکەس) جێ بێڵێ.

**سەرچاوە:**

**الصباح/ژمارە ٩٢٤ پێنج شەممە ٣ ئابی ٢٠٠٦**

**و: بۆ عەرەبی محەممەد خەلەف کوباشی.**